دوو مەقامی فۆلکلۆری و چەند تێبینییەک

خالد دلێر

کاك «تایەر تۆفیق»ی هونەرمەند، دوو مەقامی: [حیجاز ـ لە کۆیە بە هۆی هۆنراوەکەیەوە بە «نیوەشەو» ناسراوە]، لەگەڵ (محیر ـ کە لقێکە لە مەقامی ـ بەیات ـ و لە کۆیە ئەمیش بە هۆی هۆنراوەکەیەوە بە «ئەی لێ زاڵم» ناسراوە]، ئەم دوو مەقامەی تۆمار کردووە. لە هەندێ جێگای هەر دوو مەقامەکەدا، بە نیازی چاکەکردن دەسکاری لە هۆنراوە فۆلکلۆرییەکانیان دا کردووەو مانای ئەو جێگا دەسکاریکراوانەی ناو هۆنراوەکانی لە دەست داوەو تێچوواندوە، یان لە نرخی کەم کردۆتەوە. لە مەقامی ناوبراوی یەکەمیشیان دا، کۆپلەیەکی لێ تۆمار نەکردووە.

بۆ پارێزگاریکردن لە دەقی هۆنراوە فۆلکلۆرییەکانی ئەم دوو مەقامە، ئەوەندەی من بیان زانم و بۆ هەندێ دوان لە بارەی دانەری شیعری هەر دوو مەقامەکەوە، هەروەها لە بارەی هەندێ لایەنی هونەری مۆسیقەیی هەر دوو مەقامەکەوەو ئەو کەسەی دەسکاری ئاوازەکانی کردوون و مەقامەکانی لەسەر ئاوازی کوردیو زەوق و سەلیقەی کوردانەی خەڵك دارشتوتەوە، دەڵێم بۆ ئەو مەبەستە گرنگانە، تا ئەوەندەی شارەزایی من لەگەڵیان داو لە ناویان دا بر دەکات، یان بە لێکدانەوەی خۆم بۆیان چووم، ئەم وتارە بە خوێندەواران پێشکەش دەکەم.

بەر لە کۆتایی ئەم پێشکەشکردنە، دەبێ ئەوەش بڵێم کە: دەقی شیعری مەقامی «نیوەشەو» لە جێگای دیکەدا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە نامەوێ جێگای پێ بگرم و جارێکی دیش بڵاوی بکەمەوە. مەقامی دووەمیانم ـ وەکو شیعر ـ تا ئێستا بە بەرچاو نەکەوتووە، کە لە جێگایەك دا بە چاپ گەیاندرابێ، بۆیە وا لێرەدا ئەو دەقەی کاك تایەر تۆماری کردووە، لە جێگای خۆیدا بڵاو ـ دەکەمەوەو ئەو چەند جێگایەش کە ئەو دەسکاری کردوون، یان لێی فرێداون، وەکو ئەوەی کە من دەیان زانم، ڕاستیان دەکەمەوەو دەیان نووسمەوە.

بۆ ئەوەی خوێندەوار، ئەو دوو مەقامە بناسن و بزانن کە ئەوان و گەلێ مەقامی دیش، کە هەر لە هەمان ماوەی مێژوویی‌دا سەریان هەڵ داوە، کە ئەم دوو مەقامە تێیان دا دەرکەوتوون، چۆن و لە چی بارو دۆخێکی کۆمەلایەتییەوە، لە چی سەرچاوەیەکی هونەرییەوە داهێندراون و لە مانای هۆنراوەکانیان، تام و چێژ و بۆن و بەرامەی ڕەسەنی خۆیان و لە ئاوازەکانیان، زرنگەو خرنگەو دەنگ و سۆزو لەرانەوەی هەوەڵینی خۆیان وەربگرن و بێتەگوێ، خستنە بەرچاوی ئەم کورتەیەی خوارەوە لە بارەی مێژووی هونەری کۆیە، وەکوو ڕێگا خۆش کردنێك بۆ ئەو مەبەستانە، بە پێویست دەزانم.

لە مرۆڤی سەرنج و هەست وردو ناسك دەوەشێتەوە، لە کاتێك دا کە مێژووی ئاسایی نەتەوەیەکی بێگانە دەخوێنێتەوە، یان بۆی دەگێردرێتەوە، تا ڕادەیەکی باش، زۆر لایەنی باس نەکراوی ئەو ماوە مێژووییەی ئەو نەتەوە بێگانەیە، بۆ نموونە: وەکوو لایەنی هونەریو ئابووریو... تاد، دەرك

پێبکا، چ جای ئەوەی کە مێژ ووەکە هەر خۆی مێژ ووی هونەریی و لە هونەری بەشێك لە نەتەوەو ولاتەکەی خۆشی بدوێ؟

هەروەك ڕوونە، لانەکانی ژیان هەموویان بەیەکەوە پەیوەندییان هەیەو زانینی هەر لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان، تیشك و ڕووناکی دەخاتەسەر لایەنەکانی دیکەشەوە. ئەمە شێوازی لێکۆڵینەوەو گورج وکۆڵی زانستیانەی ئەم سەردەمەیە.

وەکوو ڕوونە، هەر نەتەوەیەك (هونەر ـ بە مانای هەرەفرەوانی)ی تایبەتی خۆی هەیە کە ولاتە تایبەتییەکەی، ئاو و هەواو باری جیۆلۆجیی و جوگرافیی ولاتەکەیو چۆنییەتی ژیانی ئابووریی و گوزەرانی نەتەوەکەو باری کۆمەلایەتیی و زۆران و ململانێی نێوانیان و لەپاش ئەوانەش دا، ڕەخسانی زەوق و سەلیقەو هەست و ئارەزووی تایبەتی نەتەوەکە دەستی هەرە کاریگەرو دروستکەریان لە دروست بوونی‌دا هەیەو هونەرەکە وەکو هونەرێکی گشتی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو لە هونەری نەتەوە دراوسێکانیانی جودا دەکاتەوە.

لە هەمان کات دا، هەر هەرێمێکی جوگرافی، لە هەمان ولات دا، بە هۆی هەندێ تایبەتیەتی خۆی، کە بارێکی ئابووریی و کۆمەلایەتیی و دەروونی جودا لە هی هەرێمەکانی دیکەی دەوروپشتی خۆی، لە چوارچێوەی تایبەتییە گشتیی و فرەوانەکەی سەرجەمی هونەری نەتەوەکە، تایبەتییەکی بچووکتری، تەسکتری، (خود)تری خەلکی ئەو هەرێمە دێنێتەکایەوە کە کەسایەتیی و پێناسی خۆی لەناو هونەری نەتەوەکەدا، لە هونەری تایبەتی هەرێمەکانی دیکەی ئەو ولات و نەتەوەی جودا دەکاتەوە.

وەکوو ئەمرۆ بە چاوی خۆمان دەبینین، یان ڕاستتر، بە گوێی خۆمان دەبیسین، کە هونەری گۆرانی هەرێمەکانی: (لوڕ)و (موکری)و (کۆیە)و (هەولێرو دەورو پشتی)و (کرمانجی ژوورو)و (گەرمیان)و (هەورامان)و. . . تاد لە یەکدی جیان و تایبەتییەتی خۆیان تێدایەو هەر هەمووشیان لەناو چوارچێوەی فرەوانترو گەورەترو خۆشتری (هونەری کوردی)دا یەك دەگرنەوە.

شاری کۆیەش، زیاتر لەبەر ئەوەی کە لە دەمێکەوەیە شارە، لە ڕۆژگارێکی دێرینەوە ناوچەو مەلبەندی ئابووریی و بازرگانیی و پیشەسازیی و هونەرو ئەدەبی کوردی بووە، لە هەموو کوردستانەوە ڕوویان تێکردووەو کەلکیان پێبەخشیوەو کەلکیشیان لێدیوەو ئیش و کارو فرمانی خۆیان تێدا ڕایی کردووە.

ئەم بەیەکەوە ژیانە دوورو درێژەی خەلکی شارەکە، لە زۆر ڕووەوە، ئەو کۆمەلە خەلکەی لەناو یەك دا تواندۆتەوەو جۆرە یەك بوون و تەبایی و لەیەك نزیکیی و خزمایەتی‌یەکی لە زۆر ڕووەوە، لە ڕووی سەلیقەو ئارەزو و هەستی هونەریی و وێژەییشەوە، لە ناویان دا دروست کردووەو شێوەو ڕوخسارو تام و چێژێکی تایبەتی بە هونەرو ئەدەبەکەی داون. بەتایبەتی هونەری گۆرانی کە بە ئاشکرا شێوە ناوچەیی‌یەکەی خۆی پێوە دیارەو بەمە لە شێوەو تام و بۆن و بەرامەی گۆرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان جیادەکرێتەوە.

ئەو گۆرانیی و مەقامانەی لە کۆیە سەریان هەل داوەو سەر هەل دەدەن، لە هی هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان ناچن، لە هی ناوچەی سابلاغ و موکریان نەبێ، کە هەندێ جار، جۆرە لە یەك چوونێك، یان تەرزە تام و چێژێکیان لە یەك دەچێ، کە ئەمەش بۆ هۆیەکی کۆمەلایەتی مێژوویی دێرین دەگەڕێتەوەو تا ڕۆژگار، زیاتر بەسەر شاری کۆیەدا برواو تێپەڕێ، تایبەتی‌یەکەی خۆیو بە هونەری هیچ لایەك نەچوونەکەی خۆی زیاتر تێدا سەر بەرز دەکاتەوە، ئەمە بەو مەرجە کە ڕێگەی گەشەکردنی لە بەردەم دا هەبێ.

ڕۆژگارێکی دوورو درێژ، کۆیە مەلبەندی بازرگانیی و پیشەسازیی و ئاڵ وگۆڕکردن و بازارێکی گەورەی ئابووریی و کالای کوردستان بووە، لەبەر گەلێ هۆ، چەشنە هێمنیی و بەیەکەوە ئیدارەکردن و هەل کردنی دوو چینە کۆمەلایەتی‌یەکەی دەرەبەگ و برجوازی تازە پێگەیشتووی بە خۆیەوە دیوەو زۆرانەکە هەر لە نێوان هەژارەکە لە سەرێك و ئەم دوو چینە لە سەرێکی دیکەوە بووەو بە ڕادەیەك کزبووە کە هەژان و کولاندنی سەرانسەری کۆمەلی لە تواناداا نەبووە. بۆیە ئەو دوو چینەو پیاوانی ئاینیش لە کۆیە، لە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیی‌دا ژیاون و تێشیان دا هەل کەوتووە کە هاندەری پێشکەوتنی هونەری گۆرانیی و شیعر بوون.

لەو ڕۆژگارە دوورو درێژەدا، گۆرانیبێژی داهێنەرو بەتوانا لە کۆیە سەریان هەل داوەو گەلێ لە مەقامە ڕۆژهەلاتی‌یەکانیان، وەکوو: حیجاز، بەیات، چوارگاو. . . تاد شیتەل کردۆتەوەو بە زەوق و سەلیقەی کوردانە، کە ئەمیش لە سروشتی کوردستان و هەموو لایەنەکانی ژیانی سەردەمەوە ڕسکاوە، دەسکاری کردووەو دروست کردۆتەوەو دارشتۆتەوەو بە دەیان بەستەو گۆرانییان لەو مەقامە تازە دارێژراو و تازە دروستکراوانەوە هەلێنجاوەو داناوەو ئەم ئەرکە گران و وەستایانەی ئەو هونەرمەندانە، هەندێکیان دەماودەم بە ئێمە گەیشتوون و بێگومان هەندێکیشیان لەناوچوون و لەوانەیە، ئەوانەی کە بە ئێمەش گەیشتوون، بە هۆی ئەوەوە کە دەماودەم هاتوون، گۆڕانیان بەسەر ئاوازو شیعرەکانیش دا هاتبێ و کرابێ.

ماوەی بە خۆنازینی شاری کۆیە، وەکوو مەلبەندێکی بەپێزو دەستەلات داری تایبەتی دیارو ئاشکرای هونەری گۆرانی کوردی، لە مێژوویەکی دێرینەوە دەست پێدەکات کە سال و دەیەسالیشی بە لێکۆلینەوەیەکی تایبەتی دوورو درێژ نەبێ دیاری ناکرێ و درێژەی کێشاوەتەوە، هەتا دەیەی چلەکان و پەنجاکانی ئەم سەدەیەشمان. دەست نیشان کردنی ئەو سەردەمە مێژوویی‌یە بۆ ئەوە پێویست بوو، بەتایبەتی ماوەی نزیکی سەردەمەکە، لە خۆمان، واتا ناوەڕاستی ئەم سەدەیەی خۆمان، کە خوێندەوار بزانێ، نووسەری ئەم وتارە، سەردەمێك لە تەمەنی هەرزەیی و لاوێتی، لەناو ئەو مەلبەندە هونەری‌یەدا ژیاوەو بەسەر بردووە. جگە لەمە، وەکوو خاوەن ئارەزوویەکیش، هەولی فێربوونی مەقام و گۆرانی‌یەکان و خۆراهێنان بە گوتنیانەوە داوەو لەگەل زەوق و سەلیقەی هونەرە تایبەتی‌یەکەی کۆیەدا ژیاوەو تام و چێژی چەشتووەو دەیان ناسێ. بەم هۆیانەوە، لە خۆی ڕادەبینێ کە لە

بارەی مەقام و گۆرانی‌یەکانی ئەو ناوچەیەوە قسەبکات و لە دەمێکیشەوە هەندێ تێبینی‌و بۆچوونی تایبەتی وەهای لە بارەیانەوە هەیە، بەتایبەتی لەسەر ئەم دوو مەقامەیان کە کەس دەری نەبڕیون.

لە سەرەتای سالّی /١٩٨٧دا دەستم بە نووسینی کتێبی «شیعری گۆرانیی کوردی» کردو وابزانم لە کۆتایی مانگی ئاب دا بوو، لە نووسینی بوومەوە. هەندێ تێبینی، کە لە بارەی هۆنراوە فۆلکلۆری‌یەکەی مەقامی «نیوەشەو»ەوە هەم بوو لەوێ‌دا، لەپێش مەرگی کاك تایەر (١)، دەرم بڕیبوون، بەلاّم لە بارەی مەقامەکەی دیکەیان «ئەی لێ زالّم» ئەمە یەکەم جارە لە بارەیەوە دەنووسم. وابزانم نەختێ لە باسە؛ سەرەکی‌یەکە دەرچووین، با بگەڕێینەوە بۆ ئەوێ.

لەو کاتەدا کۆیە گۆرانیبێژی دەنگ خۆش و باشی، لاویان کامڵی زۆر تێدابوو، کە لە گوتنی هەموو بەستەکانی دەوروپشت، دەستەلاّتی باشیان دەنواندو هەر یەکەشیان لە گوتنی چەند مەقامێك دا، وەستایی، یان شارەزایی دەردەخست. تێشیان دا هەبوو لە گوتنی هەموو مەقامەکان دا، وەستا، یان بەتوانا بوو.

لە هەموو گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە، بەتواناترو دەنگ خۆشتر دووان بوون، هونەرمەندانی گەورە (تایەر تۆفیق) و (سێوە).

(تایەر تۆفیق) لەبەرئەوەی بە تەمەن لە (سیوە) بچووکتر بوو، ماوەی پێشکەوتنی زیاتر لەبەربوو، جگە لەمەش، دەنگی بە چریکەترو پلەی مۆسیقەیی دەنگی بەرزتربوو. زووتریش گەیشتە ئیستگەی بەغدادو بەشی کوردی‌و زۆربەی گۆرانی‌یەکانی ناوچەی کۆیەی قۆستەوەو تۆماری کردن. لەبەر ئەو هۆیانە، لە (سێوە) زیاتر ناسراو پێش ئەم کەوتووە. ئەمە ئەگەر هەر لایەنە هونەری‌یەکان باس بکەین، دەنا کاك تایەر لەگەڵ کەسانێکی کە ئەو دەمە هاوتەمەنی بوون و کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری‌یان دەکرد، تێکەلاّوی‌یەکی باشی هەبوو. لەم ڕێگایەوە بوو کە ڕچی گوتن و بلاّوکردنەوەی گۆرانی نیشتمانی و میللەت پەروەری گرتەبەرو هەتا مردن لەسەری بەردەوام بوو، بەری نەدا. ئەم لایەنانەش یارمەتی گەورەی کاك تایەری‌دا بۆ دەرکەوتن و دیاربوون.

لەپێش دا «تایەر تۆفیق»و ئەمجا «سێوە»ش، ئەم دوو هونەرمەندە گەورەو بە توانایانە، زۆربەی سامانی فۆلکلۆری، کەڵەکەبووی سەردەمێکی دوورو درێژی کۆیەو دەوروبەریان، لە گۆرانی، لە مەقام و بەستە قۆستەوەو لەگەڵ تیپی مۆسیقەی ئیستگەی ڕادیۆی بەغدادو بەشی کوردی‌دا، تۆمارکرد. کاك تایەر کۆمەڵێك مەقام و بەستەو (سێوە)ش پێنج مەقامە بەناوبانگەکەیان تۆمارکرد.

بە هەڵسانی ئەم دوو هونەرمەندە، بەم ئیشە، ئەم گۆرانیانە لە فەوتان و لە گۆرانکاریی زیاتریان تێداکردن ڕزگارکرد. ئەگەر درەنگتر تۆمار بکرابانایە، ئەوانەبوو گۆرانکاری زیاتریان لەلایەن گۆرانیبێژی دیکەوە تێدا بکرابایەو بەو بارەی دوایی‌یان تۆماریان بکردنایە. بەتایبەتی دەقە شیعرەکانی مەقامەکان کە زۆر لایەنی ژیانی دێرینەی نەتەوەکەمان ڕوون دەکەنەوە.

لەپاش ڕوون بوونەوەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، بابەسەرپێیش بێ، لەبارەی مەڵبەندی هونەری شێوە تایبەتی کۆیەوەو لەپێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر دوو دەقی هۆنراوەی فۆلکلۆری مەقامەکان بکەین، دەبێ گرنگیی فۆلکلۆر، بە کورتیش بێ، یەك دوو قسەی هەر لەسەر بکرێ، لەم بارەیەوە لە نووسینێکی دیکەم دا گوتوومە:

«ئەو دەقە فۆلکلۆری‌یانەی لە گۆرانیی کوردی‌دا بەکارهێنراون و بەکاردەهێندرێن هەروەکوو هەموو دەقە فۆلکلۆری‌یەکانی دی، تا ڕادەیەکی باش، ژیانی ڕابردووی نەنووسراوەو لێکۆڵینەوە تێدانەکراوەی نەتەوەکەمان، لە زۆر ڕووەوە، لەسەر دەمی دانانی شیعرو گۆرانی‌یەکەو لەوەوپێشتریش، دەردەخەن. بۆ زانینی کون و قوژبنەکانی ئەو ڕابردووە، لەوانەیە ئەو دەقە فۆلکلۆری‌یانە لە سەرچاوە هەرە ڕاست و دروستەکان بن کە لێکۆڵەرەوە بتوانێ پشتیان پێ‌ببەستێ‌و بۆ ئەم مەبەستی یارمەتی چاکمان دەدەن.»[2]

جا کە فۆلکلۆر، ڕاگەیاندنی ئەم ئەمانەتە گەورەیەی پێ‌سپێردرابێ، کە بە ئێمەی ڕابگەیەنێ، نابێ بە هیچ جۆرو شێوەیەك دەستی لێ‌بدرێ‌و لە کاتی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵی‌دا، لە کاتێ لێ‌وەرگرتن و بەکارهێنانی‌دا، گۆڕانکاری تێدابکرێ، بازۆریش گۆڕانکاری‌یەکی کەم بێ، نەوەکا لە گرنگی‌یەکەی‌و ئەمانەت دەست پاکی‌یەکەی کەم بکرێتەوە.

گۆرا نیبێژ و ئاوازدانەرو هونەرمەندەکانی دیکەمان، یان لە ڕووی ئەوەوە کە ئەم ڕاستی‌یەی تازە لەبەردەمماندا تێ‌پەڕی، نازانن، یان دەی‌زانن و ڕای‌ناگرن و دەستی پێوە ناگرن. یان لە هەر ڕوویەکی‌دیکەوە بێ، زۆریان ـ بەداخەوە ـ دەسکاری فۆلکلۆر دەکەن و بەپێی تێ‌گەیشتن و بۆچوون و بەرژەوەندی خۆیان، گۆڕانکاری تێدادەکەن. بۆ نموونە، (تایەر تۆفیق) دەهێنمەوە کە خزمی خۆم بوو، پەیوەندی‌یەکی یەکجار برایانەو دۆستانەو بێ‌فرووفێڵمان لەنێوان دا هەبوو، نموونە ـ کانیش هەر لەم دوو مەقامەدان.

یەکەم: هۆنراوەی مەقامی «نیوەشەو».

بە پێویستی نازانم جارێکی‌دی، یان، سەرلەنوێ، هەر لەم بارەیەوە بنووسم. بۆیە، ئەوەی کە لەم ڕووەوە لە کتێبی دەست نیشان کراوی پێشووم دا نووسیومە، ئەگەرچی هەندێکیش دوورو درێژە، بەلاّم لەبەرئەوەی کە مەبەست بەدەستەوەدەدا، بۆ ئێرەکانەی دەگوێزمەوە:

سەرنجێکی ورد لەم کۆپلە پەخشانە شیعرە بدەن، کە لەسەر ئاوازی مەقامی «حیجاز»، (سێوە)و (تایەر تۆفیق)و هی دیکەش گوتوویانە، ناوی پەخشانە شیعری گۆرانی‌یەکە «نیوەشەو»ە. دوای سەرنج دانەکە، مەبەستی خۆمتان پێ‌دەڵێم و گۆڕانەکەی کاك تایەر کردوویەتی، چی‌یەو مەبەستی چی‌بووە، دەی‌خەمە بەرچاو. سەرنج لە دێری پێش دوایی بدەن.

ـ ئەمن ناوێرم دەنگ و سەدایێ غەریبە ماڵ وێرانێ خۆم هەڵێنم

- لەترسی بەژنەکا بڵندو چاوێ بەلەك
- بێتەوە مەترسیی‌و هاوارو خافڵەتە
- مەمکێ ئەو بابان وێرانەی لە بۆ من بمینێ
- بەوان فنجان و فەخفووری‌یان
- کەوەتاتێ لە دیوەخانەکان
- پێی دەخۆنەوە قاوە لەگەڵ هەرامە شەربەتە.

دەبێ لەپێش دا سەرنج لە هەموو کۆپلەکە بدەن، ئەوجا لەو دێرە کەوشەی «دیوەخانەکان»ی تێداهاتووە.

کاك تایەر لە ڕووی ئەوەوە کە گوایا، لە نرخ و گرنگی بەرو دیوەخانی ئاغاو دەرەبەگەکان و هاوچەشنەکانیان کەم دەکاتەوە، وشەی «دیوەخانەکان»ی لابردووەو «لە هەموو جێگایەکان»ی خستۆتە جێگەکەیەوە. بێ‌گومان ئەم کارەی کاك تایەر، لەسەرێکەوە دەبێ ئەوەی بۆ بژمێردرێ کە لە هەستێکی پیرۆزو بیروباوەڕێکی دژ بە دەرەبەگایەتی‌و ستەمی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەڵ قوڵاوە. بەڵام لەسەرێکی‌ترەوە، ئەوەشی لەسەر دەژمێردرێ کە ئاگای لەوە نەبووە ئەو کردەوەیە لە دوولاوە زیان دەبەخشێ.

١ - ون کردن، یان تارمایی خستنە سەر زانینی مێژووی دانانی ئەو دەقە فۆلکلۆری‌یە سەردەمەکە ئەو کاتە بووە کە جارێ قاوەو فنجان و فەخفووری لەماڵان دا نەبووە بە دیاردەیەکی گشتی‌و تەنیا لە دیوەخانەکان دا بووە.

٢ - شاردنەوەی جەورو ستەمی کۆمەڵایەتی بەوە کە، وەهانیشان بدرێ کە کۆمەڵگای کوردستان، لە سەردەمی دانانی ئەو دەقە فۆلکلۆری‌یەدا، یەك چین و توێژ بووەو چەوسێنراوەو چەوسێنەرەوە، هەژارو دەوڵەمەند نەبووە. ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ کە لەپاش ئەو دەستکاری‌کردنە بچکۆلەیەی دەقەکە ئەو مانایە دەبەخشێ کە قاوەو فنجان و فەخفووری، هەر لەگەڵ پەیدا بوونیان دا، یەکسەرو بەیەك خێرایی ڕووی لە «هەموو جێگایەکان»ی کوردستان، بەبێ جیاوازی کردووە. کۆمەڵگایەك لەو سەردەمە زووەدا، هەموو خەڵکەکەی کە لە «هەموو جێگایەکان»دا ژیاون، قاوەو شەربەت خۆرەوەی بە فنجان و فەخفووری بووبن، دەبێ بوونی چ ستەمێکی کۆمەڵایەتی لەناودا ڕەچاو بکرێ؟

بەبۆنەی باس کردنی پەخشانە شیعری «نیوەشەو»ەوە کە هونەرمەندەکان (سێوە) یەکێکە لەوانە، بە ئاوازی مەقامی (حیجاز) تۆماریان کردووە، لەم دواییەدا، بۆ دەقی پەخشانە شیعری «کراسی شەنگە مێرەمێ» لە کتێبەکەی کەریم شارەزادا دەگەڕام، چاوم بە «نیوەشەو» کەوت، دەبینم بەشێك لە کۆپلەی چوارەم، بەپێی ئەو زنجیرەیەی کە لە کتێبەکەدا نووسراوە، کەمە. نیوە کۆپلەکە خۆی هەیە، بەڵام لە کتێبەکەدا نەنووسراوە. بۆ لەناونەچوونی ئەو بەشەو گرتنەوەی جێی خۆی لەناو «نیوەشەو» نەمرەکەدا، وا لە خوارەوە کۆپلەکە هەمووی بە تەواوی دەنووسمەوە.

ئەوەی لە کتێبەکەدا هەیە ئەمەیە:
- ئەمن بە گەرەکی ژێریدا دەچمەوە خوارێ
- لە عامی دەرو جیرانان دەپرسم: داخوا ش و چ مەجالە؟
- کیژ دەرێ: هەتیمە لاوە، مەجالی نیوە شەوێم لێ بەسەر چووینە
- دەم لەسەر ناسکێ ڕوومەتم هەڵ بگرە
- بەسم شەمامەو شەمامەبەندی باخەڵان بگوێنە!!

ئەو بەشەی لە کتێبەکەدا نی‌یەو تایەر تۆفیقیش هەر تۆماری نەکردووە، ئەمەیە: هەر ڕاستەوخۆ دەخرێتە پاش ئەو بەشەی کۆ تازە لە نووسینەوەی بووینەوە. ئەوجا کۆپلەکە تەواو دەبێ:
کور دەڵێ:
- خەمێ من ئەوان جووت و جووتە شەمامە بەندی باخەڵێ نینە
- خەمێ من ئەو خەمەیە
- هەتیوە گوڵەی مێردان، شەوێ لەسێیاری نیوەشەوێ
- دێتەوە مارێ
- دەرێی بەرازەکێ بە حەوت گوڵلان، گەرمە برینە!!

بێ‌گومان نیوە کۆپلە کەش، هەر خۆی هاوار دەکات، کە بەشێکە لەو کۆپلەیەو هیچ ماوەیەکی بۆ پێویستی سوێندخواردنی شایەت و بەڵگە خستنە بەردەم لەسەر ئەم ڕاستی‌یە نەهێشتۆتەوە.»[٣]

گۆرانیبێژێکی کە من دیتبێتم و ئەم مەقامەم لێ بیستبێ‌و بەلای منەوە بە چاکترین شێوەو خۆشترین گوتن مەقامی «نیوەشەوەی گوتبێ»، پیاوێکی هەژاری هونەر کارتێ‌کردووی تا ڕادەی ئەوەی کە کردوویەتی بە مریدو دەروێشی گۆرانی کوردی «مەلا ئەحمەدە کوێرە»ی پێ‌دەڵێن و لە کۆیە دادەنیشێ. بۆ دواجار لە مانگی ئەیلوولی / ١٩٨٥ چاوم پێ‌کەوت. ئومێدی لەشی ساغ و تەمەنی درێژو خۆشی ژیانی بۆ دەخوازم.

دووەم: هۆنراوەی مەقامی «ئەی لێ زاڵم»

هۆنراوەی ئەم مەقامە، لە فۆلکلۆرە دێرینەکانی شاری کۆیەیەو بەستەکەشی بە تێك هەڵ کێش، هەر لەناو گوتنی مەقامەکەدا دەگوترێ. کۆپلەیەك لە مەقامەکەدا دەگوترێ، هەر دوابەدوای ئەو کۆپلەیەك لە بەستەکەدا دەگوترێ، ئەمجا گۆرانیبێژەکە دەچێتەوە سەرگوتنی مەقامەکە، هەتا هەموو بەشەکانی مەقامەکە، بەم نۆرە ڕاگرتنە، کۆتایی دێ. هۆنراوەو ئاوازی بەستەکەش، هەردووکیان، داهێنانی وەستای هونەرمەندی، نەناسراوی دێرینی کوردن. واتە فۆلکلۆرن.

ئەوەی من لێم بیستبێ کە ئەم مەقامەی بە چاکترین شێوەو گوتن گوتبێ، پلەی دەنگی بە ڕادەی پێویست بەرزبوویی‌و بین و هەناسەیەکی درێژو دەنگی بەچریکەو خۆش بوویێ‌و وشەکانی بە ڕوونی‌و ئاشکرایی، لە کاتی گوتنی‌دا، دەربڕیبێ، کاك تایەر تۆفیق بوو.

لەگەڵ ئەم ڕاستی‌یەی سەرەوەش دا، کاك تایەر لەم مەقامەش دا، لە هەندێ جێگای شیعرەکەی‌دا، گۆڕانکاری کردووە. لە هەندێ جێگای دی‌دا، وشەو نیوەڕستەی لێ‌فڕێ‌داوە، یان وشەی لە جێگایەکەوە، بۆ

جێگـــایـەکی دی کە جێی نی‌یـە، گوێـزاوەتـەوە. بەم کردەوانـەی، یان مانـا گرنگـە و مێـژوویی‌یـەکـەی لە دەست داوە، لەو جێگــایـەدا، ناوەرۆکـەکـەی پووچـەڵ و بێ مانـاکـردووە، یان لە پلەو رادەو توندوتیـژی جەورو ستـەمـە کۆمەلایەتی و مرۆڤانەکەی کەم کردۆتەوە.

ئەم مەقـامـە چواربـەشـە، هەر بەشـەی، دوو پارچە مەقام و کۆیلەیەکیش بەستـەکـەی لەگـەڵ دایـە یان بابڵێین، چوار کۆیلەیەو هەر کۆیلەیەکیشی دوو بەشەو بەشێکیش بەستەی مەقامەکەی لەگەڵ دایە.

بۆ ئەوەی هەنـدێ لەو گۆڕانـانـەی «تـایـەر توفیق» کردوونی، کە زیانی بە دەق و نرخی شیعرەکە، یان پەخشانە شیعرەکە گەیاندووە، بخەمە بەرچاوی خوێندەوار، ئەم نموونانە دەهێنمەوە:

١ ـ لە بەشی یەکەم و دووەمی پەخشانە شیعرەکەدا، تەنیا هەندێ وشەی لێ فرێدراون، یان جێ‌گـــۆڕکێی بە هەنـدێ وشـە کردووە کە بەمـە، زۆرکـاری نەکردۆتـە سەر مانـای شیعـرەکـە. من وشـە فرێـدراوەکان لە جێی خۆیان دا دەنێمـەوەو وشـە جێ‌گـۆڕکێ پێ‌کـراوەکانیش بۆ جێگای خۆیان دەگەڕێنمەوەو گیروگرفتەکان بەبێ دەنگی چارەسەر دەکرێن.

٢ ـ لە بەشی سێ‌یەمی‌دا، دەقی شیعری مەقامەکە دەڵێ:

ـ پار ئەوان مەجالان غولام بووم

ـ رەمزاللاهی خودا

ـ ئەمساڵەکە، بمگرنەوە بە کۆیلە.

کاك تایەر، دێری دووەمی سەرەوەی فرێ‌داوە، کە پڕە لە پارانەوەو سکالا کردن و خوایان بەگژدا دەکات کە شاعیرەکە، یان ئاشقەکە، لە پلەو پایەی کۆمـەلایـەتی ساڵـی ڕابـردووی، کە (غـولامـەتی) بووە، واز دەهێنێ و دێتەخوارەوەو تکایان لێ‌دەکات، کە ئەمساڵەکە، هەرنەبێ بە (کۆیلە = عبد) قبـووڵی بکـەنـەوە. ئەم هەر بۆ ئەوە کە لە ماڵی خۆشـەویستـەکـەی دابێ و جاروبارێکیش چاوی پێی بکەوێ.

دەبێ ئەم ئەشق و خۆشەویستی‌یە چەند بەتاو و تەووژم بوبێ، کە کابرای ئاشق لە جیـاتی ئەوەی داوابکـات لە پار زیـاتـر، پلەو پایـەی کۆمـەلایـەتی بدرێتێ و لە (غلامەتی)یەکە ڕزگاربێ و بە پیاوێکی خاوەنی کەسایەتی خۆی بێ و کەس خاوەنی ئەو نەبێ. ئێستا لەپێناو نزیکی لە دلدارەکەی، نەك هەر ئەمە داواناکات کە (غولامەتی)یەکە بووە، ئێستا بە کۆیلایەتیش منەت بارەو قبوولیەتی و بۆ بەدەستکەوتنی دەپارێتەوە!![٤]

لادانی ئەو دێـرە لە هۆنـراوەکـە، دیـارخستنی پلەی ئارەزووی ئاشقـەکـەو تامەزرۆیی‌یەکەی و هەڵپەی بۆ دیتنی خۆشەویستەکەی کەم دەکاتەوە.

٣ ـ لە بەشـیـی چوارەمـی‌دا، کە بەشـی زۆری قسـەمـان دەربـارەی ئەم بەشەیانە، دەقی شیعری مەقامەکە دەڵێ:

ـ فەسڵێ بوهاران

ـ کیژوکار پێی‌دەچنەوە روباری

بێ‌گـومـان، ئەم مەقـامـە، بە هۆنراوەکەشی‌یەوە، لە ڕۆژگارێکی‌دێرین دا داندراوە، کە ئەو کاتە، ئاو بە بۆری، لە کۆیە، بەسەر ماڵان دا، دابەش نەکرابوو. ئاو بۆ خواردنەوەو هەموو پێویستی‌یەکی دی، بە شانان، یان لەسەر پشتی چوارپێ، لە کانی‌یەکان و رووباری دەوروبەری شار، بۆ ناو شاری دەکێشرا.

بوهـاران، کە سەرمـاو سۆڵ بەسـەر دەچـوو، ئافرەتـان، بەتایبەتی کچ و کاری بەهەرەکەو گورج و گۆڵ، ڕایەخ و پێخەفی قورس و گرانی، هەڵگری چڵك و پیـسی زستـانی ڕابـردوویـان دەبـردە روبـارێ. ئەو هەمـوو چڵك و پیسی‌یـە، کە لە ماوەی دوورو درێـژی زستـان دا کۆدەبـۆوەو ڕەنگە و نەخشی رووی ڕایەخ و پێخەفەکانیان دادەپۆشی، بە ئاوهێنان بە جەرەو گۆزەو سەتڵ و تەنەکەو دیمکە پاك نەدەبۆوە. بە ئاوی زۆرو زەبەندی رووبارو «ئەسپوون»و[٥] «گەلاکوتك»[٦] نەبا چۆن پاك دەبوونەوە؟! ئەو هەموو ڕایەخ و پێخەف و جلکـە ئەستـوورو ناوبـەلـۆکـانە، لەپاش شوشتن و پاك کردنەوەیان، لە کوێ لەبـەر هەتـاو هەڵ بخـرابـانـایـە، لەسـەر شاخ و دارو بەردی دەوری رووبارو چەمی کۆیە نەبێ چۆن وشك دەکرانەوە؟!!

ئەم پێویستییانە، ماوەی «عەیبە» گوتنی ئەو خێزانانەیان نەهێشتبۆوە کە لە ڕۆژێکی هەتاو و خۆش دا، کچ و کارو ئافرەتیان تفاقی نان و پێویستی ئەو ڕۆژەیان لەگەڵ خۆیان دا هەڵ گرتباو بۆ ئەو مەبەستە چووبانە رووبارێ.

بۆ کوری ئاشقی ئاگرگرتـوو، دەروون برژاو، کە لە ڕۆژانی ئاسـاییدا، یارەکەی لەنێوان چوار دیوارو دەرگەی داخراودا بەندکرابوو، کە بە ڕێکەوت و زۆر بە دەگمەن نەبا نەی‌دەبینی، چۆن دیتنێکیش، وەکوو خەیاڵێکی خۆشی ئەفسـووناوی، بۆ چەند چرکـەیـەکی کەم، دووربـەدوور، بە بەرچـاوی‌دا تێ‌دەپەڕی و بەس. لەو بارو دۆخـەش دا، لەبـەرچـاوی ناحـەزان، لەترسی (بەکرۆك) ان، نەدەبوو سەیری بکات، دەنا خۆی و دلدارەکەشی، تووشی سزاو قسـەی سووك دەبـوون. چی تاوانێـك لە تاوانی خۆشـەویستی گەورەتر هەیە؟ مرۆڤ تابرووی پێ‌دەتکێ!!

بۆ ئاشقێـك، لە ولات و شارێکی پڕ لە جوانی‌دا بووبێ و ژیـان بەسـەر بەرێ، ولات و شارێکی وەهـا کە خۆشـەویستی، تەنـانـەت خۆشـەویستی جوانیش تێیـدا بە تاوان بژمێـردرێ!! فەسڵێ بوهـاران، کیـژ وکـار چوونـە رووبار، هەلەو ساڵی جارێك هەڵ دەکەوێ. خۆشەویستەکەی لەناو ئەو رەزو باغ و رووبـارە، (بـەرە)و (جـاجم)و (لیفـە)و (لبـاد)و... تاد دەشواو هەڵیان دەخا. نەدیوار ماوەو نەدەرگای داخراو. ناحەزو بەکرۆکانیش کەمتر لەو ناوەدا دەبیندرێن. دەبێ بچێ و چاوی بە خۆشەویستەکەی گەش و روون بێتەوە. بەلام ئەدی ئەگەر خەڵك لەو دەوروبەرەدا دیتیان، چی پێ دەڵێن؟ ئەوا قیری سیـا لە خۆی، ئەدی چی بە خۆشـەویستـەکـەی دەڵێن؟ قسـەوقسـەلـۆکی بۆ دروست دەبێ. ناوی دەزڕێ. سووك و ریسـوا دەبێ. «قسـەکـەوتـە زارەکی دەکـەوتـە شارەکی.»[٧] هەرهێنـدە ئەم هەواڵـە بگـاتەدەمی پیرەژنێك. ئەدی بابم، حەیاو شەرم لەنـاودا نەمـاوە! ئەم شارە بۆ وا حەیـای لێ‌هـەڵ گیراوە. کچێ فلانـی حەز لێ‌کـردەیـی دەکـات، کوری فلانـی خۆش دەوێ، بە

دەنگەدەنگ و خوتەخوتەوە لەسەریەك لینگی ئەم سەرو ئەو سەری شارەکە جاردەدا.

بۆ ئاشقێك، کە لە بارو دۆخێکی ئاوەهادا بژی، بە تێرامانێکی سەرپێی، ئەو هەموو مەترسی یەدێنێتەبەرچاو. لەگەڵ ئەوەش دا، ئەو هەر دەبێ بچێ. ئەدی چار چی یە؟ لەو تێرامانە سەرپێ یی یەدا، هیچ چارێکی بۆ نادۆزرێتەوە. لەو بارەدا، وەکوو هەموو یەکێکی بێ‌دەستەلاتی دی، کاتێ بارو دوخی ناهەموار تەنگی‌پێ هەڵ بچنێ، بیری بۆ خەیاڵ دەچو خێرا هانای بۆ دەبا بەو هیوایە کە بەهەشتێکی بەسووك و ئاسانی بۆ دروست بکات. ئەم ئاشقەی ئێمەش لێی دەدوێین هەروەها. کەواتا چی بکا؟ پەنای بردۆتە بەر خەیاڵێ بە پێتی شاعیرانەو کۆپلە شیعرەکەی بەم جۆرەی خوارەوە تەواوکردووەو گوتوویەتی:

- دەستێ من دامێنی
- ئەوان هەڵاڵ و سووسن و بەیبوونان
- دەبا حەشارم دەن لەبن لقی هەناری.

ئەمە کۆپلە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری دێرینەو بەڵگەیەکی روون و ئاشکرای گوفتوگۆ پێ‌نەویستە لەسەر قەدەغەکردنی خۆشەویستی کۆمەڵگای دواکەوتوو لە مرۆڤی نەتەوەکەمان. کاك تایەر، ئەم بەڵگە بەنرخە، بەتێداکردنی گۆرانێکی بچووك هەر بەتەواوی لە دەست دەداو پووچەڵ دەکاتەوە، ئەمەش بەوە کە وشەی (کیژ) لە دێری دووەمی‌دا بە وشەی (کور) دەگۆرێ. بۆ زیاتر روون کردنەوە دەڵێم: کۆپلەکە بەم جۆرە لێ‌دەکات:

- فەسڵێ بوهاران
- کوروکار پێی دەچنەوە رووباری
- - - - هەتادوایی کۆپلەکە.

کاك تایەر ئاگای لەوە نەبووە کە ئەگەر وشەکە هەر لە سەرەتادا (کیژ) نەبایە، (کور)بایە، پێویستی بەوە نەدەکرد، کورە ئاشقەکە دەستی خۆی دامێنێ ئەوان هەڵاڵ و سووسن و بەیبوونان بکات، هەتا حەشاری‌دەن لەبن لقی هەناری!! دوای ئەوەش، لە هەموو کەژ و وەرزەکانی ساڵ دا (کوروکار) بۆیان هەبووە کە بچنە رووباری‌و رێگرێکی «عەیب»‌و لەم تەرزە پەیوەندەی نەریتی کۆن، بەرهەڵستی لە چوونی نەکردوون.

هەر لە هەمان بەشی هۆنراوەکەدا، کاك تایەر واتای «حەوت رۆژان»ی لەو دێرە هۆنراوەیەدا، کە دەڵێ: «حەوت شەوو حەوت رۆژان» فرێ‌داوە. بەمە، لەلایەکەوە ئارەزووی کورە ئاشقەکەی بۆ دیتنی کچە خۆشەویستەکەی کەم کردۆتەوە. کورە حەزی‌کردووە کە «حەوت شەو و حەوت رۆژان»‌و زیاتریش و هەمیشە هەر لە ماڵی کچەدا بایە، بە بیانووی شەواری، ئەگەر بۆی بکرابایە ئەو شەوارەیەی لە مانگە و دوومانگیش زیاتر درێژدەکردەوە. کەچی کاك تایەر کردوویەتی بە «حەوت شەوان». لە لایەکی دیکەشەوە، نەریتی دێرینی شەوارەشی تێك داوە. ماوەی شەوارە کە هەر بە ئاسایی حەوت شەو و حەوت رۆژ بووە، ئەم کردوویەتی بە حەوت شەو.

بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەمە، دەڵێم:

جاران خانەدان و دەرەدیوتەنی: خواپێداوەکان. کە تازە کوریان دەبوو (کچ نا !!) حەوت شەو و حەوت رۆژان قەڵەباڵغی ئاپوورەیان لە دەوری ئافرەتە زەیستانەکەو کۆرپە نێرینەکەدا کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی «شەوە»‌و «ئارە = کە لە ئالی رەنگی خوێنەوە هاتووە)، دەرفەتیان بۆ نەرەخسێ‌و نەتوانن، کۆرپەکە بخنکێنن و ئافرەتەکەش تووشی خوێن لە بەرچوون بکەن. (شەوارە)ش لەم دوو وشەیە پێك هاتووە. لەو ماوەیەش دا، کە حەوت شەو و حەوت رۆژ بووە، ئەگەر دایکەکە خوێنی لەبەر نەرۆیشتێ، مەترسی مردنی لەسەر نەماوەو خۆی گرتۆتەوەو لە کاتی مەمك دانی کۆرپەکەی، بەسەر کۆرپەکەدا نەکەوتووەو مەترسی لەسەر هەر دووکیان لاچووە.

وەکوو دەبینین ئەم گۆران و لابردن و دەست لە فۆلکلۆروەردانە، چی زیانێك دەبەخشێ.

لە کۆتایی ئەم بەشەی نووسینەکەدا گوتنی ئەوەم لەبیر نەچێ کە: کاك تایەر لەو کاتەدا کە تازە وەکوو گۆرانیبێژێکی بەتوانا دەرکەوت، لە چلەکانی ئەم سەدەیەمان داو لە کاتی تۆمارکردنی ئەم دوو مەقامەدا، خوێندەوارترین گۆرانیبێژ‌ی بەرچاوەکانی ئەو کاتەی هەموو کوردستان بوو. بۆ خوێندن، پلەی خوێندنی گەیشتبووە «پۆلی سێ قوتابخانەی ناوەندی» کەچی گۆرانیبێژەکانی دی زۆربەیان، ئەگەر نەڵێم هەرهەموویان، یەك رۆژ لە قوتابخانە یان نەخوێندبوو ئەو سەردەمەش خوێندەواری بە پۆل و بە بەڵگەنامەی خوێندنی قوتابخانە هەڵ دەسەنگێندرا. بۆ تێکەڵاویش، لەگەڵ توێژ و دەستە هەرە خوێندەوارەکانی کورد، ئەوانەی دەمیان لە بزووتنەوەی کوردایەتی‌و رۆشنبیری ئەو سەردەمەو بووژانەوەو راپەرین وەردەدا، لەگەڵ ئەوانەدا تێکەڵاوی‌و برادەرایەتی هەبوو. بەڵام بە داخەوە، بە هۆی ئەو دەورو بەرەوی تێی کەوتبوو، کە ئەوانیش گەشەکردنی بیرو باوەری کۆمەڵایەتی‌یان قاڵب و قاوغی بەستوو زیاتر بەرەوپێشەوە نەچوو. هەروەها بە هۆی نەبوونی رۆشنبیری‌و ئاراستەکردنێکی هونەری‌یەوە، نە لە ئێستگەی بەغداد بەشی کوردی، نە لە هیچ دەزگایەکی دیکەی میری بێ، یان میللی، کاك تایەر گەشەی نەکردو بەرەوپێشەوە نەچوو.

دەقی هۆنراوەی مەقامەکە:

«ئەی لێ زاڵم»

- ئەمن بە مەعبوو بە گچکە لانەکەی خۆم هەر دەڵێم
کەڵە شیلانەکی باریکە
مەمکێ ئەو بابان وێرانەی لەبۆمن بمێنێ
بەوان سێوێ لاسوور
کەوەتانێ
لە باخچەی (هیران)‌و (نازەنین) ان
تازە فەریکە.

وەی زاڵم غەمێ من. ئامان ئەی هاوار

- کیژ دەڵێ:

هەتیمە لاوە

ئەگەر ئەمن ڕۆژەکی ئەتو نەبینم

بە نوێژی نیوڕۆیی

لێم دەکەیە شەوی دەیجووروو تاریکە

وەی زاڵم غەمێ من.

بەستەکەی: سەرسوێنەی گەردن مراوی

بیستوومە دایکت لێیداوی

دەستی بشکێ، کوێربێ چاوی

ژیکەڵێ بە خۆم عەمملاندی

(٢)

- ئەی لێ زاڵم

دارە خڕکەڵەی بەرماڵان

هەتا عەیامەکی زۆر

لەبۆ من بمینێو هەر دار بێ

- ئەمن دەچمەوە سەربانی باژێری

هەتاکوو دوو چاوی

مەعبوویە گچکەلانەکەی خۆم

لێ دیار بێ

وەی زاڵم غەمێ من... ئامان ئەی هاوار

- کوڕ دەڵێ:

یارەببی خودایە

ئەوی دەبێتە باعسی دوو دڵان

قەت خێرێ لە ماڵ و مەنزڵی خۆی نەبینێ

لە ئاخری ساڵێ

هەر ڕەنج بە خەسار بێ

وەی زاڵم غەمێ من

بەستەکەی: لە مابەینی هەولێرو پرد

یەکێك لەناکاو بانگی کرد

قور بە سەرت لەیلێیان برد

ژیکەڵێ ماچت بە چەندی

(٣)

- ئەی لێ زاڵم

پار ئەوان مەجالان غوڵام بووم

ڕەزاللاهی خودا

ئەمساڵەکە بمگرنەوە بە کۆیلە

دەستێ من دامێنی ئەوان وەستاو وەستاکاران

لە شارەکەی کۆیە

دەبا لەبۆ لەیلایەکەی من

بدروونەوە جۆتە سۆڵە

- کیژ دەڵێ: وەی زاڵم غەمێ من... ئامان ئەی هاوار

هەتیمەلاوە

ئەگەر ئەمن ڕۆژەکی ئەتوو نەبینم

دونیا لەپێش چاوی من وێران و خاپووروو چۆڵە

وەی زاڵم غەمێ من

بەستەکە: پۆشینی ڕەش گوڵینگەی پێوە

بەسمان چاوان لێبیزێوە

ئاگرت بەردایمێ، بەپێوە.

ژیکەڵێ بە خۆم عەمملاندی.

(٤)

- ئەی لێ زاڵم

فەسڵێ بوهاران

کیژوکار پێی دەچنەوە ڕوبارێ

دەستێ من دامێنی

ئەوان هەڵاڵ و سووسن و بەیبوونان

دەبا حەشارم دەن لەبن لقی هەنارێ

وەی زاڵم غەمێ من - ئامان ئەی هاوار

- کوڕ دەڵێ:

یارەببی خودایە ماڵی کچەتیوە لەیلایەکەی من

کوڕێکیان بێ

بەڵکوو حەوت شەو و حەوت ڕۆژان

دەچمە ماڵیان

بە بیانووی شەوارێ

وەی زاڵم غەمێ من

بەستەکە:ی بەرخۆڵەم چوویتە بژارێ

سوڵی لێکەوتە ڕوبارێ

بە عام بابچین بۆ هاوارێ

ژیکەڵێ بە خۆم عەمملاندی.

ئەوەی ڕاستی بێ‌و دەبێ خوێندەواری لێ ئاگادار بکرێ:

١ - وشەکانی ئەم مەقامە، لە سەرەتادا بەشێوە زمانی پوختی کۆیە بووە. لەپاش ئەوەی ماوەیەکی دورو درێژی بەسەردا تێپەریوە، چۆنییەتی جۆری دەربڕینەکانیان، یان سەرو بۆرەکانیان، بەکارتێ‌کردنی شێوەزمانەکانی دی، وەکوو سەرەتاکانیان نەماون و لە هەندێ جێگایان دا گۆڕاون. بۆ نموونە، جاران گوتراوە: «لەبۆ من بمینێ‌و هەر دار بێ» کەچی ئێستا بەو شێوەیەی

لیٚ‌هاتووه، که له سەرەوه نووسراوه.

٢ ـ له کۆپله هۆنراوەی (بەستەی بەشی چوارەم)ی مەقامەکه نەبیٚ، دڵنیام، که ئەوه هەر لەگەڵ مەقامەکەدا لەدایك بووەو هی خودی مەقامەکەیه. کۆپله بەستەکانی دی جێگەی گومان لیٚ‌کردنن و لەوانەیه دواتر. ، گۆرانیبیٚژەکان، هەربەکەیان کۆپلەی به ئارەزووی خۆی بۆ هەڵبژاردبووه. کاك تایەر یەکیٚك له کۆپله هۆنـــراوەی بەستـــەکـــه، دوو جار، واتـــه بۆ دوو بەشی مەقـامەکـەی گوتووەتەوه. بۆیه من لەو جێگایەی که ئەو دووبارەی کردۆتەوه، نەم نووسیوەتەوه.

سیٚیەم: هەندیٚ لیٚکدانەوەو بۆچوون.

داوا له خوێنـدەوار دەکـەم، هەنـدیٚ بەشێنـەیی ولەسەرەخۆو کەمیٚکیش به قووڵی سەرنج له هەر چوار کۆپله هۆنراوەکەی بەستەکه بداو ناوەرۆکی ئەو کۆپله هۆنـراوانـه لەگـەڵ ناوەرۆکی بەشـەکانی هۆنراوەی مەقامەکەدا بەراوورد بکات و بزانیٚ چی خزمایەتی‌و نزیکی‌و بەیەکەوە گونجانیان له نیٚوان دا هەیه، یان نا؟ لەپاش ئەو سەرنج دانه، بۆی دەردەکەویٚ که له نیٚوان هەمرو کۆپله هۆنراوەکانی بەستەکەدا، تەنیا ناوەرۆکی کۆپلەی چوارەمیان لەگەڵ ناوەرۆکی بەشی چوارەمی شیعـری مەقـامـەکـەدا دەگونجیٚ‌و ئەوەندەی دوویرا زیاتریش لەیـەك دەچن و هەروەکـوو چێشتیٚ مەنجـەڵیٚـك و هی دەستی یەك کابـان بن وەهان. بەتایبەتی که سەرروای کۆپله شیعری گۆرانی‌یەکە، لەگەڵ سەرروای بەشی چوارەمی مەقامەکەدا یەکن. لەمەدا بۆمان دەردەکەویٚ که:

١ ـ شاعیری دانەری شیعری مەقامەکه، هەر هەمان شاعیر بووه که شیعری بەستـه کەشی دانـاوه. بەڵگـەی زیـاتـریشمـان لەسـەر ڕاستی ئەم بۆچـوونـه لەبەردەست دایه. هەر لەو کۆپله، بەسته، بچکۆلەو کورته، سیٚ دیٚری‌یەدا، که له بەردەستمان دایه، دوو وشـەی (سۆڵ)و (ڕووبار)ی تیٚدا بەکارهیٚناوه که له شیعـری مەقـامـەکـەش دا هەن. جۆری قســەکردن و دەربڕینەکانی، هەر دەڵێی قسەی ناو شیعری مەقامەکەیه. لەم بۆچوونەدا، هیچ گومانم نەماوه.

٢ ـ له سەرەتادا، هەر چوار بەشی شیعری مەقامەکه، هەر بەشەیان به جیا، کۆپله شیعری بەستەی تایبەتی خۆی بووه، که ناوەرۆکی لەگەڵ ناوەرۆکی شیعری مەقامەکه خۆی‌دا گونجاو و تەبابووه. بەمە شاعیره هونەرمەندەکه، ئەو مەقــامــەی وەکـوو مەقـامیٚکی نایـاب و زۆر دەگمـەن، به خۆمـانـدوکـردن و خۆتواندنەوەیەکی زۆرەوه، بۆ داهیٚناوین و بۆ بەجیٚ هیٚشتووین.

٣ ـ کۆپله شیعـری بەسـتـەی بەشی چوارەمی مەقـامـەکـه، ماوەو ئەمـەنـدەی لیٚ‌پاریٚزراوه که ئیٚستا لەبەر دەستمان دایەو کۆپله شیعری بەستەی بەشەکانی یەکەم و دووەم و سیٚیەمی مەقامەکه لەناوچوون.

بۆ ئەوه دەچم که، ئەو مرۆڤە هونەرمەندە گەورەیەی به گوێچکەو سەلیقەی کوردانـــه مۆسیقـه زانـه، وردو هەست ناسکـەی دەسکـاری ئاوازی مەقـامی (محیر)ی کردووەو بەو شیٚوەو زەوقه بەرزو بلیمەتانەیه کردوویەتی به کوردی، هەر هەمان کەس ئەو پیاوه بووه که شیعری مەقامەکەو بەستەکەشی دانابیٚ.

ئەم وشه له بارو گونجاو و بیٚ‌گریٚ‌و گاڵانه، که بەو شیٚوەیه لەگەڵ ئاوازی مەقامەکەدا دەگونجیٚن، یان ڕاستتر، لەناو یەکدی‌دا تواونەتەوه، به ڕادەیەکی وەها یەك و تەبان، له کاتی گوتنی مەقامەکەدا، گوێگر نازانیٚ، ئایا ئاوازەکه لەپیٚش هۆنـرادەکـەدا ڕیٚ دەکـات، یان هۆنـراوەکـه بەپیٚش ئاوازی مەقـامەکه دەکەویٚتەوه. گوێگری به سەلیقەو سەرنج وردیش نازانیٚ، که ئایا ئاوازەکه بۆ شیعرەکه داڕیٚژ راوه یان هۆنراوەکه بۆ ئاوازەکه وەکو نەخش هۆنراوەتەوه؟ ئەم دوو فرمانه هونەری‌یه گرنگه، دەبیٚ هەر هی یەك هونەرمەندی به سەلیقەی بەتـوانـای بەدەسـتـەڵات بیٚ. دەنـا، هەنـدیٚ ناهـەمواری، نالیکی، به زۆر بەیـەکـەوه لکـانـدن، وشـەقـرتـانـدن، وشەدرێژکردنەوەی نابەجیٚ‌ی هەرتیٚدا دەردەکـەوت. بەڵام بۆ ئەو هونـەرمـەنـدە لیٚهاتووه، هەموو شتیٚك به ئاسایی‌و بەبیٚ خۆگوشین و زۆری لەخۆکردن هاتوونەتە دەستەوه.

ئەوجا با سەرنجیٚکی وردو پشکنەرانه، له شیعری مەقامەکەی «نیوەشەو» بدەین و بزانین چی تیٚدا بەدی دەکەین:

ئەم خاڵانەی خوارەوەو، بەئاشکرا له هەر دوو دەقی شیعری مەقامەکان «نیوەشەو»و «ئەی لیٚ زاڵم»دا دەبینین:

١ ـ شیٚوەی زمانیان یەکه، نەك هەر ئەوه که هەردووکیان به شیٚوه، یان به دیالیکتی کۆیه نووسراون، بەڵکوو دەم و دوو، شیٚوەی دەربڕین و ڕستەکان و واتاکان و سادەیی‌و ئاسۆی بیرکردنەوەی ناو هەر دوو هۆنراوەکه، یەکه.

٢ ـ چەنـد وشـەیـەك و چەنـد واتـایەك، له شیعری هەر دوو مەقامەکەدا، به هەمان مەبەست و جۆری بەکارهیٚنان و داڕشتن هەن. وەکوو: عام، مەجال، کچەتیم، کیژدەڵیٚ، کوردەڵیٚ‌و هەتیمەلاوەو. . . تاد، هاتوون. ئەمەش هەر بۆ یەك شاعیـر دەشیٚ که هەر دوو هۆنـــراوەکـــەی هۆنـــدبیٚتـەوه. ئەگـەرنـا، بەلاسـاکردنەوەو شوێن پیٚ‌هەڵ گرتن دەژمیٚردرا، کەئەمەش لەوسەردەمە دازیاتر بەبیٚ دەستەڵاتی شاعیری دووەم دەژمیٚردرا بۆیه شاعیرەکان خۆیان لیٚ‌لادەدا.

٣ ـ گوفتوگۆکردنی ئاشق و ماشقی ناو شیعری هەر دوو مەقامەکه، به یەك شیٚوەو دەم و دوو گوڕو گەرمی‌و ڕوانینه یەکدی‌یه. له هەر دوو گۆرانی‌یەکەدا، دەڵێی هەر یەك ئاشق و ماشقن و له مەقامیٚك دا ڕاگوێزراون بۆ مەقامەکەی دی.

ئەگـەر پشت بەو سەرنجـانـه ببـەستـریٚ، مرۆڤ بۆی هەیه که به دووری نەزانیٚ که شاعیـــری هەر دوو مەقـــامـەکـه، به بەستـەی مەقـامی «ئـەی لیٚ زاڵم»یشـــەوه، یەك شاعیـر بیٚ، یەك بلیمـەت دەقی شیعـری هەردووکیـانی هۆندبیٚتەوه. بەراووردکردنیٚکی به سەلیقەو زەوق و ترازووی وێژەوانانەی ئەو یەکـــدوو کۆپله هۆنـراوەیـەی مەقـامی «نیـوەشـەو» که لەم نووسینـەدا بەرچـاو دەکـەون، به هۆنـراوەکـەی مەقـامی «ئـەی لیٚ زاڵم» ماقـووڵی، ئەگەر نەڵیٚم ڕاستی، ئەم بۆچـوونـه نیشـان دەدا. بۆیـه به پیٚـویستم نەزانی لیٚرەدا مەقامی «نیوەشەو» بنووسمەوه.

لەمەش زیاتر دەڵیٚم که تا ئیٚستا گوتوومه:

دەڵیٚم، تا دەگاته دڵنیایی له گوتنەکەم دا، که ئاوازی مەقامی «حیجاز»،

ئەو ئاوازەی کە شیعری «نیوەشەو»ەکەی پێدەگوترێ، ئەو ئاوازەش هەر هەمان هونەرمەندو مەقام زان، هونەرکاریو وردەکاریو جوانکاری تێداکردبێو زەوق و سەلیقەو تام و چێژی کوردانەی پێداکردبێو بلیمەتانەو وەستایانە ئاوازی مەقامەکەی بەو شێوەیە لێکردبێ کە «تایەر توفیق» هۆنراوەی «نیوەشەو»ی پێتۆمارکردووە. بۆ بەڵگە لەسەر ئەم بۆچوونەش، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەکێشم:

١ ـ دەست پێکردنی هەر کۆپلەیەك لە هەر یەکێك لەو دوو مەقامە، بە جوابێکی یەك جوون و لە یەك چوو دەست پێدەکات. هەموو کۆپلەکان هەر بەو چەشنە دەست پێدەکەن. پلەی مۆسیقەی بەرزو، هەناسەو بینی درێژ و پڕ لە لەرانەوەی کوردانە، پێناسی ئاشکرای دەست پێکردنی هەر یەکێکە لە کۆپلەکانی هەر دوو مەقامەکە.

٢ ـ قەراری هەر کۆپلەیەك، لە هەر یەکێك لە دوو مەقامەکەدا، بە یەك ڕستەی مۆسیقەو ڕستەی لە وشەپێك هاتووی لەیەك چوو، یەك سەلیقەییو تام و چێژ کۆتایی دێو تەسلیم دەکرێ. لە نیوەشەودا «ئای لە من وای»و لە «ئەی لێ زاڵم»دا «وەی زاڵم غەمێ من»ە.

٣ ـ گوتنی سەرتاسەری هەر دوو مەقامەکە، هەر لە دەست پێکردنییەوە، هەتا دوایی، پێویستی بە هەناسەو بینی درێژی لە ڕادەی ئاسایی بەدەر هەیە. کە ئەمە وا لە خەڵك دەکا بڵێ داهێنەری ئەو مەقامانە، خۆی پلەی دەنگی بەرزو هەناسەی درێژ بووەو زەوقی تاکە کەسیو شکاندنی برو تێنوویەتی دەروونی خۆی، پاڵیان پێوەناوە کە هەر دوو مەقامەکە بەو شێوەیە دابهێنێ، یان بسازێنێ.

٤ ـ لەبەر ئەوەی گوتنی هەر یەکێك لەو دوو مەقامە، ئەگەر بە چریکەو پلەی بەرزی دەنگ و بە هەناسەو بینی درێژ نەگوترێ، ئەو تام و چێژە خۆشە نابەخشێ کە مەقام دانەرەکە لەبەر چاوی خۆی داناوەو خستوتیە ئەستۆی مەقامەکانەوە، مەقام دانەریش لەلای خۆیەوە، ماندووبوونی گۆرانیبێژی لەبەرچاو بووەو حیسابی بۆ کردووە. هەڵساوە گوتنی هەر بەشێکی لە هەر یەکێك لە مەقامەکان دا، کردووە بە دوو پارچە نێوانی دوو پارچەی هەموو بەشەکانی مەقامی «نیوەشەو»ی بە گوتنی ڕستەی (ئەیەمان، ئەیەمان... با لەبۆت بمێنم) کردووەو نێوانی دوو پارچەی هەریەك لە بەشەکانی مەقامی (ئەی لێ زاڵم)یشی بە گوتنی ڕستەی «وەی زاڵم غەمێ من... ئامان ئەی هاوار»و هەتا دوا بەشی گۆرانییەکە، کردووە. بەم دوو پارچەکردنی هەر بەشێك لە بەشەکانی هەر دوو مەقامەکە، پشوویەکی باشی بە گۆرانیبێژەکە داوە، ئەوجا ئاوازەکەی وەها سازاندووە کە هەر یەکێك لە پارچەی دووەمی هەر بەشێك لە بەشەکانی هەر دوو مەقامەکە، بە (کیژ دەڵێ)یان بە (کوڕ دەڵێ) بەپێی پێویستی مانای ئەو بەشەی هۆنراوەکە، دەست پێ بکاتەوەو لەگەڵیدا بڕوا هەتا ئاوازەکە، بەتەواویو بەسەرو بەرو بەتێرو تەسەلی تەسلیم دەکاتەوە.

لە هەر دوو مەقامەکەدا ئەم دووربینیو هونەرکاریو وردەکارییە ئاشکرایە. ئەمە ئەگەر لەلایەن یەك وەستاوە نەکرابایە، وەها بە یەك نەدەچوو. لە هونەری مۆسیقەش دا، وەکوو پیشەسازییەکانی دیکە، بەرهەم و دەسکردی وەستاکان دەناسرێنەوە.

بەم پێیە بۆ کورت کردنەوەی ئەم بەشەی دوایی نووسینەکە، من بۆ ئەوە دەچم کە هۆنراوەی مەقامی «ئەی لێ زاڵم»و هۆنراوەی بەستەکەشی، هەروەها هۆنراوەی مەقامی «نیوەشەو» لەگەڵ ئاوازی مەقامی «ئەی لێ زاڵم»و ئاوازی بەستەکەیشی، دواجار، ئاوازی مەقامی «نیوەشەو»یش، ئەمانە هەمووی، هۆندنەوەو دانان و داهێنان و گەشەپێدان و سازاندن و گونجاندنی، یەك تاکە مرۆڤی، شاعیری، هونەرمەندی، لە هونەری شیعرو گۆرانیو مۆسیقەی کوردیدا هەتا ناو نبسقان کوڵاوی، ئاشقی، بلیمەتی کۆیە بن. وەختە بڵێم:

زەینم بۆ ئەوەش دەچێ کە ئەو مرۆڤە، لە هونەرو شیعری گۆرانیدا کەڵەمێردو بلیمەت و بەتوانایە، دەستی لە شیعرو ئاوازی گۆرانییەکانی (سێوە)شدا هەبێ. مەبەستم لەناو ئەو مەقامانەیە کە لە ئیستگەی بەغداد بەشی کوردی تۆماری کردوون. ئەمەیان هەروەکوو بۆچوونێکی سەرپێیو ڕاگوزاری بەبیرم دا هات و لە دەربڕینی دوودڵیم نەکرد. هیوادارم کە ئەم دەربڕینە، پاڵ بە لێزانێکەوە بنێ، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە لە بارەیەوەبکات و ئەنجامەکەیمان، وەکوو کاکڵە گوێز بخاتە ناو دەستەوە.

ئەوجا، ئەو کەڵەهونەرمەندە، کێ بووە؟ کوڕی کێ بووە؟ وەکوو کۆییيان کە زۆربەی خێزانەکانیان، نازناویان هەیە، نازناوی ئەویش چی بووە؟ ئەمانە، ئێستا هەموو پرسیاری بێوەرامن. کەسێ بتوانێ وەرامی ڕاستی ئەم پرسیارانە بداتەوە، مانای وایە هونەرمەندێکی گەورەی نەك تەنها هی کورد، بەڵکوو هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتیو بگرە، جیهانی دەست نیشان دەکات.

کانوونی یەکەمی ١٩٨٧/

پەراوێزەکان

١ ـ تایەر تۆفیقی هونەرمەندی گۆرانیگوتن (١٩٢١ یان ١٩٢٢ ـ نووسەری ئەم وتارە لە خۆی بیستووە ـ مێژووی کۆچ کردنی ـ بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٠.

٢ ـ شیعری گۆرانی کوردی ـ کتێبێکی دەستنووسە ـ خالید دلێر ـ ١٩٨٧

٣ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤ ـ سەرنجی ئەو نووسەرانەی لێکۆڵینەوە لە بارەی: «تێپەڕبوون و تێپەڕنەبوونی کۆمەڵگای کوردستان، بە قۆناغی کۆمەڵایەتی «کۆیلایەتی»دا دەکەن، بۆ بوونی ئەم کۆپلە پەخشانە شیعرە لە فۆلکلۆردا ڕادەکێشم.

٥ ـ ئەسپۆن: بەرهەمی ڕووەکێکی تایبەتی بوو. جۆرە کەفێکی وەکوو کەفی سابوونی دەکرد، لە جیاتی سابوون بەکاردەهێندرا.

٦ ـ گەڵاکوتك: دارێکی پان و درێژ و ئەستوور بوو، جێ دەستی هەبوو، دارتاش بە تایبەتی دروستی دەکرد. لە کاتی شوشتنی ڕایەخ و پێخەف و جلکی قەبەدا، بەو دارە دەیان کوتی، هەتا چڵکەکەی لێ بێتەوە.

٧ ـ قەیەکی پێشینانە.

مقامان فولكلوريان

خالد دلير

ان النصوص الفولكلورية ولاسيما المستخدمة في الأغاني تظهر الى حد بعيد حياة الماضي غير المدون وغير المدروس لشعبنا من كثير من الوجوه وقت نظم هذه الأغاني وقبله. وربما تكون هذه النصوص أصدق المراجع والمصادر التي تعين الدارس لمعرفة زوايا هذا الماضي وأبعاده. فالفولكلور الذي حددت له هذه الوظيفة الجسيمة، لايجوز بأي شكل من الأشكال التصرف فيه وتحويره عند الاقتباس منه واستخدامه في الفنون مهما كان هذا التحوير طفيفاً لان التحوير من شأنه ان يخل بوظيفة إيصال الأمانة التاريخية من الماضي الى حاضرنا.

ومع هذا فقد نجد بعض المتعاملين مع التراث القديم يحورون النصوص التراثية عن جهل أو تجاهل أو بحجة عدم مطابقتها مع روح العصر، علماً بان عملهم يؤدي الى ضياع أو تعتيم معرفة تاريخ النص وعصره أولاً والى اظهار الأوضاع الاجتماعية القديمة على غير حقيقتها ثانياً. وكمثال على هذا التصرف أجرى المطرب طاهر توفيق بعض التبديل في مقامي (نيوهشەو) المغنىٰ بنغمة مقام الحجاز و (أى لى زالم) المغنى بنغمة مقام المحير، وقد قام الباحث بمقارنة المقاطع المحورة مع المقاطع الأصلية السليمة على أساس تحليل معانيها ومدلولاتها، فتوسع في شرح بعض المعادات والتقاليد القديمة للمجتمع في بيئته المغايرة لبيئتنا والتي انعكست في المقامين المذكورين بصورة فنية، وان اي اخلال بها يذهب عنها انسجامها مع البيئة والتاريخ ويجعل منها شيئاً نشازاً.

فحينما أراد الشاعر الشعبي القديم تشبيه نواهد الحبيبة شبهها بالكؤوس والفناجين التي يشرب فيها الناس في مضائف الأغوات القهوة والعصير.

اما اذا قام أحد بحذف عبارة مضائف الأغوات أو تبديلها بعبارة اخرى بحجة ان عصرنا ليس عصر المضائف والأغوات، وان ذلك يدل على مدح الاقطاع فأنه يرتكب خطاء فادحاً - كما وقع في المقام الاول - لايرتضيه الذوق الأدبي السليم ولا البحث العلمي.